

## کەمال محەمەدی هونەرمەند :

# ئەگەر هونەر دەریایەک بێت،خۆشحاڵم من دڵۆپێک بم لەو دەریایە

**هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە پێگەیەکی بەهێزی لە بواری هونەردا بۆ خۆی دروست کرد بە پێچەوانەی زۆر لەوانەی لە زەمەنی رابردوودا ناو بوون و ئێستاش لە رووی جەماوەرەوە پاشەکشێیان کردووە، هونەرمەند (کەمال محەمەد) هەر لە هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆش لەو ئاستەدا، بگرە هەنگاوی باشتریشی ناوە بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی، جگە لەوەی بەوە ناسراوە هونەرمەندێکی سادەو ساکارە، هەمیشە لە شوێنە میللیەکانی شارەکەیدا دەبینرێت، خۆشەویستی نێو خەڵکە، لە دەرفەتێکدا لەشاری سلێمانی بینیمان و ئەم دیمانەیەمان لە گەڵ ساز کرد.**

*** هۆی چییە تا ئێستاش گۆرانییە کۆنەکانت لە هزری خەڵکدا بە زیندوویی ماونەتەوە؟**

- بێگومان ئێمە لە رابردوودا هەموو هەوڵەکانمان بۆ خزمەتی هونەری کوردی بووە، بۆمەبەستی تایبەتی و مادە نەبووە هەر لەبەر ئەو هۆیەش دەکرێت بڵێین کارەکانمان زیندوویەتیی خۆیان لەدەست نەداوە ئێستاش هەمان بۆچوونمان هەیە بۆ خزمەتی هونەری کوردی، ئومێدەوارم نەوەی داهاتووش ئەم بۆچوونەیان هەبێت.

***ئەگەر لەم بەرهەمە نوێیەتدا کارە هونەرە کۆنەکانتان نوێ کردیێتەوە کامە بەرهەمیانە و هۆکاری نوێ کردنەوەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بۆ هەموو ئەلبوومێك هەوڵمداوە بەشێواز و تەکنیکی نوێ چەند کارێك نوێ بکەمەوە بۆیە بۆ ئەم بەرهەمە نوێیەشم سێ گۆرانی کۆنی منی تێدایە کە بریتین لە( ئازیز ئەمشەو گوڵی رەعنا، لەیلا وەرە لام، کە ئێواران گەڵای زەردی باخی نیگام هەڵئەوەرێ )یە، دیارە مەبەستی خۆم هەبووە لە نوێ کردنەوەی ئەو بەرهەمانە،جگە لەوەی هاوڕێی ئازیز عەتا ئەحمەدیش پێی باش بوو و زۆر جاریش هەوادارانی دەنگم ئەو خواستەیان هەبووە. شیعری ئەم بەرهەمانەش لەلایەن (ئیسماعیل خورماڵی و کاك سالار سەلمان ) ئامادەکراوە.

*** بەرنامەی سازدانی کۆنسێرتت هەیە؟**

-لەبەرنامەمدایە لەشارەکانی کوردستان کۆنسێرت بکەم،بەتایبەتیش لە شاری هەولێری خۆشەویست و کەرکوکی ئازیز و کۆیە.

***مەرجی ئێوە بۆ سازکردنی کونسێرت چییە؟**

- تاکە مەرجی من بۆ کونسێرت تەنیا بوار ڕەخساندنە بۆ بەشداری کردنی هەوادارانی دەنگم تەنانەت ئەگەر لەسەر شەقامیش بێت حەز دەکەم لە خزمەتیان بم.

***تۆ زۆرجاران سەردانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەیت ئایا ئامادەیت کونسێرتی تایبەتیان بۆ بکەیت؟**

- بەدڵنیاییەوە بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جاران لەگەڵ هونەرمەندی هاوڕێم عەتا ئەحمەد سەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە کە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت و بێ لانەی لێیە منداڵی بێنازن بە گیتارەکەمانەوە چووین و گۆرانیشمان بۆ چڕیون بۆ ساتێکیش بووبێت داواکارییەکانمان جێبەجێ کردوون، چونکە یەکێك لە ئاواتەکانی من خزمەتکردنی ئەو


دیمانە : سۆران عارف کەریم

کەسانەیە.

***دوایین بەرهـــەم و کاری هونەریی ئێوە لە قۆناغی کۆتاییدایە، دەکرێت وردەکارییەکانی بۆ گوڵان بدرکێنیت؟**

- ئـــەم بەرهەمە بەنـــاوی (تەمەن)ە لە ١٢ تراك پێکهاتووە زۆربـــەری ئاوازەکانی لەلایەن هونەرمەند عەتـــا ئەحمەدەوە ئامادە کراوە جگە لەوەی ئاوازی خۆمی تێدایە، بەشێوازو تەکنیکیی نوێ لەلایەن هونەرمەند کارزان کامیلەوە کاری موزیکی بۆکـــراوە کە هەمیشـــە خەمخۆری کارەکانمان بووە، دابەشـــکردنی موزیکیش ئەم دوو هونەرمەنـــدە بەڕێزە ئەنجامیانـــداوە، بەم زووانەش تەواوی کارەکانی بە کۆتا دێت و بڵاو دەکرێتەوە، بەهیوام لەو ئاستەدا بێت کە جەماوەر چاوەڕوانی دەکەن.لێرەوە دەمەوێت داوای لێبوردن لە هەوادارانم بکەم کە بڵاوبوونەوەی دواکەوت.

*** لـــە هەمـــوو ئەلبومێکـــدا بەرهەمێکتان بۆ شـــەو چڕیوە، شـــەو لای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟**

- هەمیشـــە شەو ئارامی بە ئێمە دەبەخشێت و کارە هونەرییەکانی ئێمەش زۆربەیان لەشەودا لەدایك دەبن.شـــەو ئەو زەمەنەیـــە کە دەکرێت مرۆڤەکان بیر لە جوانییەکان بکەنەوە.

***زیاتـــر کارەکانـــی ئەم بەرهەمـــە لەلایەن کەمال محەمەد و عەتـــا ئەحمەد ئامادەکراوە، بۆچی هەوڵتان نەداوە سوود لەکەسانی دیکەش وەربگرن؟**

- ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکەیش زۆر کارمان کردووە، بەڵام ئەم جارە هەوڵماندا زیاتر لەسەر ئەو بەرهەمانـــە کار بکەین کە لەگەڵ ناخ و هزری ئێمە یەك دەگرێتەوە هەوڵمانداوە لەســـەر ئێش و ئازارەکانی خەڵك کار بکەین، لەگەڵ هەســـتی خۆمانـــدا یەك بگرێتەوە ئەگەر هونەر دەریایەك بێت من خۆشحاڵم دڵۆپێك بم لەو دەریایە.

*** غوربەت چی پێ بەخشیوویت؟**

- هەمیشـــە غوربەت تاڵی و شیرینی هەیە من بە جەستە لە کوردستان دوورم، بەڵام بە رۆح لە ناو نەتەوەکەمم.

*** هەوڵەکانـــی حکومەتـــی هەرێم لە پێناو خزمەتی هونـــەری کوردی لە چ ئاســـتێکدا دەبینیت؟**

- هەندێـــك جار شـــوێنی خـــۆی گرتووە و هەندێك جاریش گێرەشـــێوێنی پێـــوە دیار بووە، مـــن ناتوانم رای یەکلاکەرەوە بدەم، پێمخۆشـــە کەسانی پسپۆرو شارەزا لەو رووەوە قسەی خۆیان هەبێت.


*** ئەو ستایلەی ئێوە کاری لەسەر دەکەن بە ستایلی سلێمانی ناو دەبرێت تۆ بۆ ئەم پرسیارە چی دەڵێیت؟**

-بە خۆشـــحاڵییەوە کارەکانی ئێمە سیمای ســـلێمانی پێوە دیارە من حەز دەکەم بەدەر لە ســـلێمانی کارەکانم بۆ خزمەتـــی هەر چوار پارچەی کوردستان بێت کە هەمیشە لە هەموو پارچەکانی کوردســـتانەوە دەســـت خۆشیمان لێدەکەن، من هەمیشـــە گوتومە ئێمە کوڕی کوردستانین و بێ کوردستان هیچ مانایەکمان نییە.

هەر لـــە ســـەرەتاوە خۆشەویســـتیمان بۆ نیشـــتمان بەســـەر هونەرەکەمانـــەوە رەنگی داوەتەوە، هەروەك ئاگادارن ئێمە لەســـەردەمی رژێم چەندین گۆرانی سیاســـیمان چڕیوە و هەرگیز بێ بـــەش نەبووین لـــە ئازارەکانی نیشـــتمان هەردەم گۆرانیمان بـــۆ ئازارەکانی نیشـــتمان چڕیوە،هیواداریین لە پاڵ تفەنگی پێشـــمەرگەردا بە ئاواز و گۆرانی بەرامبەر دوژمن وەستابیین.

*** کلیـــپ رۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، هەوڵتانداوە بۆ ئەم بەرهەمە چەند گۆرانییەك کلیپ بکەن؟**

-لەگـــەڵ عەتـــا ئەحمـــەد یەکێـــك لە گۆرانییەکانی ئەم بەرهەمەمان کلیپ کردووە بەناوی (فرمێســـك نەما لە چاوم لەئاهی تۆ نەیرێژم) کاری وێنەگرتنـــی ئەم بەرهەمە لـــە لایەن بڕیار فەتاح و بەسپۆنســـەری کۆمپانیای نالیا بەرهەم هێنراوە.



*** عەتـــا ئەحمـــەد لای کەمال محەمەد چی دەگەیەنێت؟**

دەتوانـــم بڵێم عەتـــا ئەحمەد پاڵپشـــتی تـــەواوی کارە هونەرییەکانمـــە و زۆر جاران پێکـــەوە لـــە خەڵوەتایـــن بۆ دروســـتکردنی بەرهەمێکی نـــوێ، هەمیشـــە رێـــز و خۆشەویستیم بۆی هەیە.

*** لـــە کۆتاییـــدا چ بە خوینەرانی گوڵان دەڵێیت؟**

- رێـــزو خۆشەویســـتم بـــۆ خوێنەرانی گۆڤاری گـــوڵان هەیـــە و زۆر سوپاســـتان دەکەم کە هەمیشـــە لەگـــەڵ خەمی هونەرمەندان هاوبەشن، دەستی ماندووبوونتـــان دەگوشم.

# ئەلیسا هیچ مەرجی نییە

کچەگۆرانبیبێژی لوبنانی ئەلیسا رایگەیاند کە لە ئێستا هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستی نییە، چونکە ئێستا هەموو کات و بایەخی خۆی خستۆتە سەر کارە هونەرییەکانی و بیر لە شتی دیکە ناکاتەوە.

ئەلیسا باسی لە مەرجەکانی خۆی کرد سەبارەت بەو کەسەی هەڵیدەبژێرێت و گوتی: هەر مرۆڤێك شتێکی نهێنی لە ژیانیدا هەیە کە لە خۆی زیاتر کەس نایزانێت و دەبێت رێزی لێبگیرێت منیش رەنگە لەو بوارەوە نهێنییەکم هەبێت، بەڵام هیچ مەرجێکم نییە، بەڵام کارێزمایی کەسەکە پێوەرێکی سەرەکییە لەلای من کە دەبێتە هۆی ئەوەی پیاو سەرنجم ڕابکێشێت، بڕوام بەو خۆشەویستییە هەیە کە لە یەکەم نیگاوە درووست دەبێت، چونکە سەرەتا دڵم بڕیار دەدات ئینجا عەقڵم حوکم دەدات، هەستێکی زۆر جوانە کە خۆشەویستی بکەین بێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە و ئەگەر زانیمان ئەو کەسەی هەڵمانبژاردووە باش نییە ئەو کات بە هەردووکمان بڕیاری جیابوونەوە دەدەین.





# له پێناو ریهانادا واز له خۆشەویستەکەی دەهێنێت

گۆرانیبێژی ئەمریکی ئالار ئاند کریس براون بڕیاری دا له کارۆشی ترانی خۆشەویستەکەی جیا بێتەوە، چونکە نایەوێ پێوەندی لەگەڵ کاروشی ببێتە هۆی نەمانی هاوڕێیەتیی لەگەڵ ریهانا.

ئەم بڕیارەی براون دوای بەشداری کردنی له ئاهەنگێکی جای زی هات، هەر لەم بارەیەوە نووسینگەی براون بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا هاتووە: بڕیارم دا به رەبەنی بمێنمەوە بۆ ئەوەی کاتم بۆ دابینکردنی دوارۆژی هونەریم تەرخان بکەم، من کارۆشیم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام نامەوێت پێوەندیم لەگەڵیدا ببێتە هۆی تێکدانی هاوڕێیەتی من و ریهانا، هەر له درێژەی بەیاننامەکەدا براون دەڵێت: مانەوەمان به رەبەنی دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو لایەکمان دڵخۆش بین له ژیانی خۆماندا، له بەرامبەردا کارۆشی لەسەر پەیجی خۆی له تویتەر وەڵامی براونی داوە و نووسیبووی: خۆشەویستەکەم خوات لەگەڵ».

# کچەکەی مادۆنا دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی نیشان بدات



وا پێدەچێت کچەکەی مادۆنا له ناوبانگیی ماندوو ببێت و دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی نیشان بدات، بۆیە بڕیاریداوە ماڵی دایکی جێبهێڵێت و روو له زانکۆ بکات له هەمان کاتدا خۆی کرێی خوێندنەکەی بدات.


رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی له سەرچاوەیەکی نزیك له خێزانی مادۆنا بڵاویکردەوە :لۆردیسی کچی مادۆنا تامەزرۆی ئەوەیە ماڵی خۆی جێ بهێڵێت و روو له زانکۆ بکات و هەر خۆی کرێی خوێندنەکەی دابین دەکات لەو قازانجەی که له کۆمپانیا (ماتیریال گێرل) دەستی دەکەوێت که تایبەتە به جلوبەرگی منداڵان و مادۆنا پێش چەند ساڵێك دایمەزراند، سەرچاوەکە ئەوەشی به (سەن) راگەیاند که لۆردیس له ناوبانگی دایکی بێزار بووە هەرچەندە مادۆنا له مامەڵە کردندا زۆر توندە، بەڵام کچەکەی هەمیشە لێی یاخی دەبوو بۆیەش هەوڵێکی زۆری دا تا توانیی دایکی رازی بکات بۆ ئەوەی له بواری هونەری تەعبیری له زانکۆی پاردی ئەمریکی بخوێنێت، شایەنی گوتنە لۆردیسی تەمەن ١٦ ساڵ ئەنجامی پێوەندیی نێوان مادۆنا و ئەکتەری ئەمریکی به رەچەڵەك کوبی کارلۆس لیونە.

# دلبەر جزیری گۆرانییەک به زمانی ئینگلیزی دەڵێت

کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان دلبەر جزیری رایگەیاند ئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنە بۆ تۆمار کردنی کلیپی گۆرانییەکی نوێ.

لەم بارەیەوە دلبەر به گولانی راگەیاند: ئەم گۆرانییە نوێیە له تێکست و میلۆدی خۆیەتی به زمانی ئینگلیزییە بەناوی (Turn On the Lights)، و هێشتا بڕیاری نەداوە له چ وڵاتێکی ئەوروپی کلیپەکەی تۆمار دەکات، بەڵام له نێوان سویسرا و ئەڵمانیایە.

دلبەر ئەوەشی راگەیاند لەبەر ئەوەی له ئەوروپا گۆرانییەکەی تۆمار کردووە و پێشتریش له کوردستان سێ گۆرانی کلیپ کردووە، بۆیە بڕیاری داوە کلیپی ئەم جارەی له ئەوروپا بێت، دلبەر که ناوی دەرهێنەری گۆرانییەکەی ئاشکرا نەکرد زیاتر گوتی: هەرچەندە زۆرم پێخۆش بوو له کوردستان کاری کلیپەکەی بکەم، بەڵام ئەم جارە وا رێککەوت له ئەوروپا بیکەم و له نزیکترین دەرفەتیشدا سەردانی کوردستان دەکەم.



## مەی حەریری بۆ گوڵان:

# بەرنامەیەکی هاوشێوەی (THE VOICE)م دەوێ

**چەند ساڵێکە بەردەوامە لە بواری هونەری و هەمیشە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بووە، لە شوێنێکی گشتیی بەیروت چاومان بە (مەی حەریری) کەوت و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**



* گوێبیستی ئەوە بووین کەوا دووچاری ڕووداوێك بوویت لەکاتی وێنەگرتنی گۆرانیی (بهواك) ئەمە تا چەند ڕاستە؟

- ڕاستە سوپاستان دەکەم من ئێستا تەندروستیم زۆر باشترە، خۆتان دەزانن پروپاگەندەی زۆر دەکرێت دەربارەی ئەو ڕووداوەی تووشی بووم، لەو پروپاگەندانەی کە زۆر بڵاوکرانەوە ئەوە بوو کە ڕووداوەکە بووە هۆی ئەوەی چەند پەڵەیەك لەسەر دەموچاوم پەیدا ببێت کە ئەمەش زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، ڕاستییەکەش بەم شێوەیە بوو، لەکاتی وێنەگرتنی کلیپێك لە دیمەنێکدا وا پێویستی دەکرد من لە «جاکۆزی» دابم، ئەوە بوو کەوتمە خوارەوە و سەرم بەر لێواری «جاکۆزی» کەوت ئەوەش بووە هۆی بریندار بوونی لێو و قاچم، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە تەندروستیم زۆر زۆر باشە.

* وێنەگرتنت تەواو کرد یان بێزار بوویت و وازت لێی هێنا؟

- بێگومان وێنەگرتنمان تەواو کرد و دوایین دانەشم بینی، بەڵام چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو دەکەم بۆ ئەوەی نمایش بکرێت و جەماوەر بیبینێت، ئەگەری ئەوەش هەیە لە ماوەیەکی کەمدا، واتە بەر لە جەژن بڵاوی بکەمەوە.

* لە کلیپەکەتدا تەکنۆلۆژیای نوێی (3D)ت بەکار نەهێناوە؟

- پەنا بە خوا نوێترین تەکنۆلۆژیای تێدا بەکار دەهێنرێت، ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە تەکنۆلۆژیای تێدا بەکارهاتووە بە کوالیتی زۆر بەرزەوە، بە سەرپەرشتیی دەرهێنەری گەورە فادی حەداد کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی دیکەیە بۆ سەرکەوتنی کلیپەکە.

* بۆچی لە هەموو هونەرمەندان فوللەی جەزائیریت هەڵبژارد بۆ ئەم دیۆیە؟

- ئەمەیان بە ڕێکەوت بوو، لە ئاهەنگێکی خزمێکی خۆم چاوم پێی کەوت، لە نزیکەوە یەکترمان ناسی و ڕۆژی دواتر داوەتم کرد بۆ ماڵی خۆم بۆ نان خواردن، لەوێ گوێی لە گۆرانییەکە بوو و زۆریش بە دڵی بوو، بۆیە پیرۆزباییم لێیکرد و پێمگوت چەند وشەیەکی بۆ دانێ بە دەنگی خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکاتی وێنەگرتن لە جەزائیر بوو نەیتوانی لە کلیپەکەدا بەشدار بێت، بە کورتی منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی سوڵتانەی گۆرانی عەرەبی لەگەڵ من بەشداری بکات لە گۆرانییەکی خۆمدا.

* هەموو کەسێك دەتوانێت بێتە نێو بواری هونەرییەوە و زۆربەشیان چەکی مانەوەیان هەیە، پێتوایە ئەمە ڕاست بێت؟

- دەروازەکانی هونەر لەبەردەم هەموو کەسێکدا کراوەن، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێکی ئافرەت بەتایبەتی نەتوانێت بچێتە دڵی گوێگرانەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانێت بەردەوام بێت، سەبارەت بە چەکەکانی منیش ئەمە بۆ جەماوەر جێدەهێڵم ئەوان وەڵام بدەنەوە.

* پێشتر ڕاتگەیاندبوو کە ئەلبوومێکی تایبەت بەخۆت بڵاودەکەیتەوە بەناوی (پەشیمانم) ئایا ئەمە ڕاستە؟

- ڕاستە ئەمەم ڕاگەیاند بوو، بەڵام بارودۆخی وڵاتانی عەرەبی ڕێگایان بۆ هونەر بەرتەسك کردۆتەوە و بواری ئەوە نادەن هونەرمەند کارێکی گەورە بکات کە بە لانی کەمەوە نۆ گۆرانی لە خۆ بگرێت، لە ئێستادا من ئەم کارە بە کارێکی ترسناك دەزانم، چونکە جەماوەری عەرەبی لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا نییە گوێی لە هەموو شتێکی نوێ بێت لە بواری هونەری و هەموومان دەبینین ڕۆژانە خوێنی لاوانمان بەبێ هۆ دەڕژێت و مەینەتییەکانمان بوونەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە.

* کەسانێك پێیانوایە ناوبانگ و بوون بە ئەستێرە پێویستی بە ماندوو بوون و قوربانیی بەردەوام هەیە، ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ لە پێناو هونەر قوربانیت داوە ؟

- هەموومان بەم حاڵەتەدا تێپەڕیوین، چونکە ئێمە قوربانی دەدەین لەپێناو کارەکەمان قوربانی بە کات و ئەرکی بەردەوام دەدەین لەپێناو کاری نوێ و گەیشتن بە ئاستێك کە خەڵك ڕێز لە خۆمان و لە هونەرەکەشمان بگرن، لە کۆتاییدا مرۆڤ ناتوانێت هەر شتێکی لە ژیاندا بوێت و هەر ئاواتێکی هەبێت بیهێنێتە دی، لێرەدا قەناعەت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، پێویستە مرۆڤ قەناعەت و ئارامی هەبێت لەم بوارەوە، لە هەمان کاتدا لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی پێشکەوتن.

*ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرت لە پێشکەش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی کردۆتەوە؟

- هەموو کەسێك لە ئێمە چاوەڕێی ئەو دەرفەتانەیە کە ئەرشیفی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات و ببێتە خاڵێکی پرشنگدار لە کاروانی هونەریی خۆی، بێگومان ئەگەر کارێکم پێشکەش بکرێت وەك پێشکەش کردنی بەرنامەیەك کە بچێتە نێو هەموو ماڵێکەوە و زۆرترین بینەر سەیری بکەن، تەنیا یەك ساتیش دواناکەوم لە پێشکەشکردنی و لە ئێستاوە ڕازیم، بەو مەرجانەی کە ڕوونم کردەوە، بۆ نموونە من ئامادەم بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کە هاوشێوەی بەرنامەی (The Voice)کە ئێستا پێشکەش دەکرێت و جەماوەرێکی زۆری هەیە.

* بەڵام پێتوانییە ئەستێرەیەکی بواری هونەری خۆی دەسووتێنێت بە بەشداری کردنی لەو جۆرە بەرنامانە؟

- بۆ ئەوەی هونەرمەند بگاتە ئاستی ئەستێرەی ڕاستەقینە پێویستە بە قۆناغ و ئەزموونی جیاجیادا تێپەڕێت بەمەش دەبێتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری دەبێت و دەزانێت چی هەڵدەبژێرێت، بە بۆچوونی خۆم هونەرمەندی ئەستێرە پێویستە لە ماوەیەکی نزیك لە جەماوەر بوەستێتەوە بۆ ئەوەی جەماوەر تامەزرۆی هەموو کار و چالاکییە هونەرییەکانی بێت.

* ئایا ڕاستە ئامادە نەبوویت بەشداری بکەیت لە لیژنەی ناوبژیوانی بەرنامەیەك کە لەکەنداو پێشکەش دەکرێت؟

- بەڵێ ئەمە ڕاستە، چونکە زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەو کات هەستم دەکرد کە ئامادە نیم بەشدار بم و ئەگەری سەرنەکەوتنم زیاتر بوو لە سەرکەوتن لەو تەجروبە نوێیەدا.

* بەڕای تۆ چ کاتێك خۆشەویستی دەبێتە حاڵەتێکی مەترسیدار؟

- ئەگەر ئیستغلال هاتە ئاراوە و خۆشەویستی ڕاستەقینە فەرامۆش کرا.

* مەی حەریری وەك مرۆڤێکی ئاسایی کێیە؟

- هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن دەڵێن من کەسێکم خەون و ئاواتی زۆرم لە ژیاندا هەیە و ژیانم خۆشدەوێ، خاوەن دڵێکی باشم، زۆر جار تووڕە دەبم، ئەوەیش لەبەر ئەوەی بە هەڵە و کاری نابەجێ ڕازی نابم و قبوڵی ناکەم.

* لە ژیانی خۆتدا زیاتر گرنگی بە چی دەدەیت؟

- گرنگی بەمۆسیقا و خوێندنەوە و وەرزش دەدەم.

* لە بەرنامەتدا نییە سەردانی هەولێر بکەیت؟

- ئێستا گفتوگۆی جددی لە ئارادایە بۆ ساز کردنی چەند ئاهەنگێك لە هەولێر و هیوادارم لە نزیکترین دەرفەتدا ئەمەم بۆ بێتە دی، من تامەزرۆی بینینی گەلی کوردم، چونکە خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ ئەو گەلە هەیە و لە ڕێگای گۆڤاری گوڵانەوە بە گەلی کورد دەڵێم: خۆشەویستیی ئێوە مایەی شانازییە بۆ من، سوپاس بۆ پاڵپشتیی بەردەوامتان.

